
# قۆزترین پیاوی خنکاوی دنیا



گابریل گارسیا مارکیز
و. سابیر شاکر

بۆ هەوەڵین جار برکەیەك منداڵ ئەو نووکە رەنگ تاریکەیان بینی کە بە پارێزەوە ژیانی زەریای دەشێواند، بۆیە وایان هزر کرد کەشتییەکە لە کەشتییەکانی دوژمن، هەروەها دیقەتیان دەداو چاویان لەسەر نەدەگواستەوە، نە بەیداغو ئاڵایەکیان بینی، نە چارۆکەو بایەوانێك بۆیە هاتنە سەر ئەو رایەو وایان دانا کە نەهەنگە، بەڵام تەنیا کاتێك کە ئەو دەعبایەیان راکێشایە کەنارو گژوگیای دەریاو زێچراکانو پاشماوەی ماسیو داروپەردووی کەشتییان لێ داماڵی، زانییان ئەمە پیاوێکی خنکاوە.

بەدرێژایی دوای نیوەڕۆ گەمەیان پێکرد، لەنێو قومدا دەیانشاردەوەو ئەمجارە دیسان قومەکەیان هەڵدەدایەوەو لاشەکەیان دەردەهێناو جارێکی دی

دەیاننێژاو لمیان دەکرد بەسەریا تا بەڕێکەوت یەکێك ئەم بەزمەی بینیو هەواڵەکەی گەیاندە گوندو ئاوایی.

ئەو پیاوانەی چوونە ژێر لاشەکەو خستیانە سەر شانیانو هەتا نزیکترین ماڵ هەڵیانگرت سەرنجیان دا قورسترە لە هەر پیاوێکی مردوو کە پێشتر ناسیبێتیان. بەقەد ئەسپێك قورسبوو، هەندێکیان بە یەکتریان دەوت پێدەچێ درێژماوەیەك لەسەر ئاو مابێتەوەو ئاو چووبێتە ناو مۆخی ئێسکانەکانییەوە، بەڵێ.. بەڵێ لەوانەیە ئاودزبووبێ. ئەمجار کە خستیانە سەر زەوی، گوتیان: پەکوو لەو حەلاماتەی، ئەو زەلامە درێژترە لە هەموو پیاوەکانی دنیا، چونکە بە هەزار زەحمەت لە ژوورەکەدا جێی دەبووەوە، بەلاّم وایان هزر کرد کە گەشەو رسکان... درێژبوونو بالاّهەڵدانی دوای مەرگ بەشێکە لە گەوهەرو سروشتی هەندێك پیاوی مردوو، کابرا بۆنی دەریای لێدەهات، تەنیا بەشێوەیا گریمانەی ئەوەت دەکرد کە ئەمە لاشەی بنیادەمە، ئاخر پێستەکەی بە چینێك قوڕەمچو بە چینێك کەوڵو پێست و پوولەکەی ماسی داپۆشرابوو.

بەجۆرێك تەنانەت پێویستی نەدەکرد بیر لە دەموچاو شۆڕینی کابرای مردوو بکەنەوە، تا بزانن غەوارەو نامۆیە. ئاواییەکە لە بیست خانووی دارین زیاتر نەبوو، کە هەر ماڵێك باخچەیەکی لە بەرد هەڵچنراوی هەبوو، باغێك بەبێ گوڵ، خانووگەلێك کە لێرەو لەوێ پەراگەندە لە کۆتایی رووبەرێکی نیمچە بیاباندا هەڵنرابوون، کە کشابووە ناو قوڕکی دەریا، رووبەرو پانتاییەکی ئەوەندە بچووكو تەسكو تەنگوتار کە دایکان هەمیشە دەستیان لەسەر دڵیان بوو و دەترسان گژەبا منداڵەکانیان راماڵێتە ناو دەریا. بەلاّم دەریا ئارام بوو... بەخشندەو دڵئاوا هەموو پیاوەکانیش لەنێو هەر حەوت بەلەمەکانیاندا، ساغو سەلامەت بوون.. بێبەلاّ بۆیە کاتێك پیاوە خنکاوەکەیان بینیبوو تەنیا نیگایەك بەسبوو بۆ ئەوەی بزانن هەموو زرپو زیندوو لەوێنو ماون.

ئەو شەوە بۆ کار شۆڕ نەبوونەوە ناو زەریای، بەڵکو بەهەوای ئاواییەکانی دەورووبەرەوە رۆیشتن تا بزانن کەسیان ونبووە یان نا، ژنەکانیش مانەوەو کەوتنە سەروکاری پیاوە خنکاوەکە. قوڕەکەیان لێ داماڵی، قژوقاڵیان لەو وردە بەردانە تەکاند کە پێوەی نووسابوون. لەشیان کڕاند بۆ پاککردنەوەی لەو کەوڵو توێکڵە ماسییەی کە پێوەی لکابوو. لە کاتی ئەو کارانەدا سەرنجیان دا گژوگیایەك کە تێوەی ئالاّوە گژوگیای ئۆقیانووسە دوورەکانو گژوگیای ئیشوکارە دێرینو کۆنەکانە، سەرنجیان دا جلوبەرگەکەی بووەتە سیپاڵ، سیپاڵێکی شڕو پەتۆر وەك بڵێی بە کوندڕە مەرجانییەکاندا کەشتی رانی کردبێ، سەرنجیان دا بە سەربەرزییەوە مەرگی خۆی هەڵگرتووەو بە شانازییەوە مردووە. نە نیگای تۆقیوو هەراسانی ئەو خنکاوانەی هەیە کە دەریا فڕێیان دەداتە کەنارو نە نیگای هاناخوازو پڕتکای ئەو پیاوانەی لە چەمو رووبارەکاندا دەخنکێن. نیگایەك کە ئەمان دەیناسنەوەو پێی ئاشنان، بەلاّم نەیاندەزانی چی جۆرە پیاوێکە تا لە شۆردنی بوونەوە، ئەوجار سەرسامو گێژ هەستانە سەرپێو وشكو ئەبڵەق بوون، دەتگوت دارخەنەیە، درێژترینو بەهێزترینو نێرەوزترین پیاو بوو کە تا ئەوکاتە دیبێتیان. نەجیبترین قەدوبالاّ، بەلاّم گەرچی هەروا چاویان پێوەی دورابوو و تەماشایان دەکرد جێگەیەکی نەبوو لە خەیاڵیاندا، نەیانتوانی لە هەموو ئاواییەکەدا تەختەخەوێکی وا بەرین بدۆزنەوە کە بۆ ئەوە بشێ لەسەری رایکێشن یان مێزێکی ساغو پتەو کە پێش ئەسپەر دەرکردنو ناشتنی لەسەری درێژیکەن، نە شەرواڵی درێژترین پیاوانێك کە رۆژانی پشوو لە پێیان دەکرد، نە کراسی چوارشانەترینو بەخۆوەترین پیاو بەبەری دەکردو نە پێلاوو کەوشی پازلترین پیاو بە پێی.

لەبەر ئەوەی کە شێتو شەیدای بەژنوبالاّ بەرزەکەیو عاشقو شیفتەی قۆزییە بێوێنەکەی ببوون، بڕیاریان دا لە پارچەی گەورەی بایەوانەکان هەندێك کۆتو شەرواڵ لە کەتانی نایابو گرانبەها کراسی بۆ بدوورن، تاوەکو هەروا لە مەرگدا سەربەرزو رووسوور بمێنێتەوە، لەکاتێکدا دانیشتبوون جلەکانیان دەدووریو تەماشای

جەنازەکەیان دەکرد، لەنێوان هەر تەقەڵێك‌و تەقەڵێکی تردا وایان هەستدەکرد نەبا ڕۆژێك وەك ئەو شەوە ئارامتر بووەو نە دەریاش ئاوا خامۆشتر، بۆیە گریمانەی ئەوەیان کردو وایان دانا ئەم گۆڕانە لە کەشدا پەیوەندیی بە پیاوە مردووەکەوە هەیەو رەنگە ئەولیا بێ.

بیریان کردەوە ئەگەر ئەم پیاوە مەزنە لە گوند ژیابا، ماڵەکەی بەرینترین دەرگاو بەرزترین بنمیچ‌و ساپیتەو پتەوترین هیم‌و بناغەی دەبوو، پەیکەری تەختە نوێنەکەی ساف لە هەیکەلی کەشتی‌و دامەزراو بە مێخ، ژنەکەشی شادترین‌و دڵخۆشترین ژن دەبوو لەنێو ژناندا.

بیریان کردەوە کە لە دێ بژیایە، بەدەسەڵاتترین‌و بەگوڕترین پیاو دەبوو لە ئاواییدا، یانی ئەوەندە بەهێزو دەسەڵات، ئەوەندە بە شەنگ‌و تاقەت کە دەیتوانی هەر بە گوتنی ناویان ماسی لە زەریا راوبکا، ئەوەندە لە زەویەکەی خۆیدا دەکۆشا تا لەنێو بەردەکانیدا کانی دەتەقینەوە، ئەوکات گوڵی لە هەڵەمووتە سەختەکان دەچاند یانی ئەو هەورازو هەڵەتەی دەکردە مێرگوزار، یانی ئاوی لە بەرد دەردێنا ئەوجار بە نهێنی لەنێوان ئەو و پیاوەکانیاندا بەراوردیان کردو بە دڵی خۆیان دەگوت کە مێردە گولەکانیان بە درێژایی ژیانیان ناتوانن ئەوەندە بکەن کە ئەو لە تاقە شەوێکدا دەیکا.

دواتر مێردەکانیان وەك لاوازترین‌و گەندوگەڵاشترین‌و ناکامترین لە گۆپەڕەی دڵیاندا ناشت. جەنگەیەك لەم وێڵستانی خەیاڵەدا دەسووڕانەوە، گەورەترین ژن تیایاندا نیگایەکی مردووەکەی کرد، نیگایەك زۆرتر میهرەبانی‌و سۆزو بەزەیی لێ دەڕژا هەتا عەشق‌و شەیدایی. ئەمجار ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی: شێوەی دەکەمەوە روخسارو شەمایلی پیاوێکی هەیە ستیبانی ناوە. راستی دەکرد زۆربەی ژنەکان جارێکی تر نیگایان کرد تەنیا بۆ ئەوەی بزانن کە ناکرێ لە ستیبان زیاتر ناوێکی تری هەبێ. گەرچی سەرسەختترین ژن تیایاندا کە لە هەموویان منالتر بوو بۆ  چەند سەعاتێك لە وەهمێکدا ژیا، کاتێك جلەکانیان لەبەر مردووەکە کردو لەنێو گوڵدا خەوانیان‌و پێڵاوی زەرقی‌و بەرقییان لەپێ کرد، وای خەیاڵکرد کە دەبێ ناوی لۆتارۆ بێ، بەڵام ئەوە لە وەهمێك زیاتر نەبوو. قوماشی چارۆکە بەشی نەکرد، بۆیە ئەو شەرواڵەی کە بە پەلەپەل‌و بەشێوەیەکی خراپ دوورا تەسکبوو و هەرواتر وزەی پەنهان‌و تینی شاراوەی دڵی دوگمەکانی کراسەکەی پساند. لە نیوەشەو بەدواوە شووباکەی خست‌و کشومات سرتە لە دەریاوە نەدەهات‌و بێدەنگی ولاتی تەنییەوە. خامۆشییەکی وا دواشك‌و گومانی رەواندەوە: خۆی بوو ستیبان بوو، ستیبانی جوانچاك. ئەو ژنانەی جلیان لەبەرکرد، ئەوانەی قژیان بۆ شانەکرد، ئەوانەی نینۆکیان بۆ بڕی، ئەوانەی ریشیان بۆ تاشی، ژانێك دڵی رێك گوشین‌و موچڕك‌و تەزوو بە لەشیاندا هات، موچڕکەی بەزەیی، چونکە حەیفیان دەهات مل بۆ ئەو بیرۆکەیە راکێشن کە دەبێ بە ڕاکێش راکێش ببرێ‌و بخرێتە ژێر گڵ. رەنگە لەم چرکەساتەدا پەیان بەوە بردبێ‌و تێگەیشتبن بە سەری زیندی زۆری نەهامەتی‌و بەدبەختی بە دەستی ئەم قەدو قەبارەوە چەشتووە، گەدو گیپاڵێك کە دوای مردنیش بۆتە مایەی زەحمەت‌و دەردو رەنج بۆی توانییان بە زیندوێتی بیهێننە بەر زەین‌و توانییان لە ناوجەرگەی ژیاندا زرپ‌و زیندوو ببیبنن: لە کاتی چوونە ژوورەوەدا سەری بەدەرگادا دەتەقێ‌و لە کاتی میوانی‌و سەردانەکاندا بە پێوە رادەوەستێ‌و نازانێ ئەو دەستە زلانەی کە دەڵێی گوڵن لە کوێدا بشارێتەوە، لە کاتێکدا کابانی ماڵێ لە پتەوترین‌و ساغترین کورسی دەگەڕێ‌و هەراسان‌و تۆقیو روحی هاتووەتە سەر لێوان‌و فەرمووی دەکات "فەرموو فەرموو تکایە ببەخشە چاومان روون، یاخوا بەخێربێی، فەرموو رۆڵە ستیبان لێرە دانیشە" ئەویش پشتی بە دیوارەوە دەداو دەمی پان دەکاتەوە، دەڵێ: (دایەگیان گوێمەدەرێ ئەمن ئاوا ئیسراحەتم).

چووبێ بۆ سەردانی هەر کەسێك ئەوەندە بەپێوە وەستاوەو گوتویەتی دایەگیان گوێمەدەرێ من حەزم لە دانیشتن نییە– نەکا دانیشێ‌و کورسییەکەی ژێری قرچە بکاو بشکێ‌و تەریقبێتەوە. بەڵێ ئەوەندە بەپێوە وەستاوە ئاوی پێی داهاتووەو پاژنەی فەتار فەتار

داڕزاوەو پێستی داماڵڕاوەو زووراوەتەوە، ڕەنگە هەرگیز نەیزانیبێ ئەوەی دڵسۆزیی دەنواندو دەیگوت: پەلە مەکە هیچ نەبێ قاوەیەك بخۆرەوە ئەوجار بڕۆ- هەمان ئەو کەسەیە دوای ئەو لە پاشملە دەیچرپاند: بەقوربانی ئەو خوایە بم بە ڕاستی ئیشی ڕەنگینە، شکور ئاخری درێژی نیوە برێژ رۆی، یان ئەوە کوڕە قۆزی گێلوگەوار رۆیی... تۆزێك پێش ئەوەی بەیان بدا لەکاتێکدا هەروا بەدیار جەنازەکەوە دانیشتبوون ئاوا بیریان دەکردەوە. دواتر کاتێك بە دەسماڵێك دەموچاویان داپۆشی بۆ ئەوەی خۆر ئازاری نەدا بۆ هەتایە. مردوو هاتە بەرچاو وەك مێردەکانیان بێدەسەڵاتو دەستەپاچە، بە جۆرێك ناگوزیر کە کوڵی دڵیان هەستاو فرمێسکی چاویان تەقی، یەکەمجار یەکێك لە ژنە مناڵکارەکان دەستی کرد بە گریان، ئەوانی تریش ئاخیان هەڵدەکێشا، ئەمجار لە هاڕژنی گریانیان دا. هەتا لە پیاوە خنکاوەکە رادەمان زۆرتر شێوەی ستیبانی دەدایەوەو ئەمانیش گەرمتر دەگریان، چونکە بێبەشترینو بەستەزمانترینو بەخشندەترینو چاوتێرترین پیاوی سەر ڕووی زەمین خۆی بوو: وای لە خۆت کلۆڵێ ستیبان. هەر بۆیە کاتێك پیاوەکان هەواڵی ئەوەیان هێنایەوە کە خنکاوەکە خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەر نییە، ژنەکان لەنێوان فرمێسکدا وتیان ئۆخەیو کردیانە قلی قلیو قریوەی شادییان لێ هەستاو وتیان: سوپاس بۆ خوا ئەمە، بەشو ملکی خۆمانە. پیاوەکانیش کە ئەم بەزمەیان بینی وایان هزر کرد کە ئەم هاتو باتە جگە لە خولیاگەریی شێتانەی ژنان شتێکی تر نییە. لەبەر ئەو شەوی سۆراغو گەڕانانەو لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژە گەرمەدا پڕشنگی داغی هەتاو پرسیاریان کردبوو، شەکەتو ماندوو بووبوون، تەمایان گرت پێش ئەوەی لەو ڕۆژە گەرمەدا پرشنگی داغی هەتاو دنیا بکات بە جەهەندەمی گڕوگەرما بە یەکجارو بۆ هەتایە لە جەهەندەمی ئەم میوانە ناوەختە ڕزگاریان بێ. بە هەڵاتو پەلەپەل داربازەیەکیان لە تەختەو دیرەگو شەپکەداری چارۆکەکانو رمو سەرەنێزەی راو سازکردو توند توند بە گوریسی بایەوان شەتەکیان دا، بەڵکو بەرگەی قورسیی جەنازەکە بگرێو نەشکێ تا بیانگەیەنێتە لێواری هەڵدێرەکە. ویستیان ڕەقەموی کەشتیی پێوە ببەستن تا بە ئاسانی شۆڕبێتەوە بنبنی دەریا، کە پڕە لە کوێرە ماسییەکانو لووزەو تەوژمی قایمی ئاو، نەکا دەریا لاشەکەی وەك لە لاشەکانی تر روویدا هەڵداتەوە سەر ئاو، بەڵام هەرچەند ئەمان پەلەیان دەکرد ژنەکان بیریان دەکردەوە لە دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ کاتبەفیڕۆدانو هەر دەرفەتێکیان دەقۆزتەوە بۆ خۆتێهەڵقورتاندن لە کاری پیاوەکان.

ژنگەل وەك مریشك بە پارێزەوە دەڕۆشتن بە ملوانکەی سەدەفی دەریاوە بە خەناوەکەی قالکە شەیتانۆکەوە خۆیان دەخزاندە نێو پەلوپۆی پیاوەکانەوە. هەندێکیان شاڵیان دەخستە سەر شانی جەنازەکە تا بای سەر بەخێر هەڵبکاو بڕێکیان لەوبەرەوە قیبلەنومایان لە مەچەکی دەبەستو تاقمێکیان رانومایان دەخستە نێو چنگی، دوای کۆمەڵێك دەستەواژەی وەك: کچێ گوم بە.. بەولاوە بەولاوە ژەنتیو وەرە ئێرە... چاوت بەبەر خۆتەوە بێ، هەمیشە بەرمەدەیتەوە سەر مردووەکە) پیاوەکان تاقەتیان بەسەرچوو، دڵیان کرمێبوو و کەوتنە گلەو گازندەو پرسیاری ئەوەی کە ئەم هەمووە نەخشو یادگارەو ئەم هەموو کەشوفشە چییە کە بۆ کابرایەکی مردوو سازکراوە؟ ئاخر مردوو ئەم هەموو شووشە ئاوە پیرۆزانەی بۆ چییە، کە لەسەر لاشەکەی ریزکراون؟ لەکاتێکدا لە هەر لایەکەوە بیری لێ بکەیتەوە سەگلاو و شارك لاشەکەی دەماشنەوە، بەڵام ژنەکان هەروا بە هەڵسووڕو هەلاَت هەڵاتو فڕکان فڕکان دەهاتنو دەچوونو لە پیاوەکان دەگیرانو یادگارە کۆنە خۆشەویستەکانیان لە پەنا جەندەكو لاشەی خنکاوەکە کەڵەکە دەکرد، لەکاتێکدا لەجیاتی فرمێسكو ڕۆندك هەناسەی گەرمیان هەڵدەکێشا، تا داوجار پیاوەکان تاقەتیان بەسەرچوو و تووڕەبوونو تەقینەوە: ئەی هاوار قەت شتی وا نەبووە نە.. ئێمە پێشتر بۆ لاشەیەکی کە دەریا فڕێیدابێتە کەنار، لاشەی خنکاوێکی نەدیوو و نەناسو غەریب، پارچە گۆشتێکی کۆنو سارد، هەرگیز

هەراو هەنگامەی وامان نەبینیوە!) ئەوکات یەکێك لە ژنەکان هەستاو دەستەسڕەکەی لەسەر رووی پیاوە مردووەکە لادا. پیاوەکان شاشو سەرسام هێدم گرتی بوونو زمانیان بەسترا: ئەو ستیبان بوو، بەڵێ ستیبان. پێویستی نەکرد جارێکی تر ئەوە لەبەر چاویاندا دووبارە بکەنەوە تا بیناسنەوە لە دنیادا لە ستیبانێك زیاتر نییە، بەڵێ تاقە ستیبانێك، ئەویش ئەوەتانێ لەبەر دەمیاندا وەك نەهەنگی عەنبەر بە پێخواسی راکشاوە، لەکاتێکدا پانتۆڵی منداڵێکی بچکۆلەی لەپێدایەو نینۆکە بەردینەکانیان بە سیکاردێك بۆ بڕیوە. هەر ئەوەندەیان بەسە دەستەسڕەکەی سەر دەموچاوی لادەن تا ببینن: شەرمەزارە تا ببینن خەتای ئەو نییە کە ئەوەندە لەندەهۆرە یان تا ئەم رادەیە قۆزە. گەر بیزانیایە ئەمەی لێ روودەدا لە راستیدا گەر بیزانیایە ئاوای بەسەردێو ئەم خەجاڵەتییەی تووش دێ لە شوێنێکی بێ گۆبەنترو ئەمانتر دەگەڕا کە تیایا بخنکێ: راستیەکەی دەبایە تەناف کەشتی لە ملم بئاڵێنمو خۆم لە هەزاربەهەزارێك فڕێدەمە خوارێ، نەوەك بەم جەستە کۆنە مردووە خەڵکیم هەراسان کردبا، وەك ئێوە دەڵێن نەك هیچ کەسێك بەم پارچە گۆشتە ساردە بێزارکەم، ئەم پارچە گۆشتەی کە پەیوەندیی بە منەوە نەماوە.

سەرڕاستیو راستگۆییەکی گەورە لە هەڵسوکەوتو رەفتاریدا هەبوو، بەجۆرێك بەگومانترین پیاوەکان ئەوانەی کە لەناوجەرگەو نێرینەی دەریادا تاڵیی شەوگارە درێژەکانیان چەژتبوو و لەوە ترسابوون ژنەکانیان کۆڵبدەنو لەجیاتی ئەوان خەون بە پیاوانی خنکاوەوە ببینن، بەڵێ ئەمانەو زۆر پیاوی تر کە سەرسەختترین پیاوان بوون، هەستیان کرد موچڕکە تا مۆخی ئیسقانیان رادەتەکێنێ کاتێك راستگۆیی ستیبانیان هاتەوە یاد. ئا بەمجۆرە هاتن گەرمترینو بەشکۆترین پرسەو بەهیبان بۆ پیاوێکی ناکام دانا: بەهاتوباتترین تازیمانە. برێك لەم ژنانەی چووبوون گوڵ لە ئاواییەکانی دەووروبەر بێنن، لە گەڕانەوەدا ژنگەلێکی تریان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، کە بڕوایان بەم مەسەلەیە نەکردبوو، ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان گەڕانەوە بۆ ئەوەی گوڵێکی زیاتر بێننو ئەوەندەیان هێنا، کۆمایەکی گەورەو خەرمانەیەکی گوڵیان هەڵدایەوەو هەروەتر حەشیمەتێکی خەڵك ئاپۆرای دا، بەجۆرێك ماڵەکە جمەی دەهاتو یەکێکی تری نەدەگرت. لە دوایین ساتدا هەستیان بە ئازار کرد، کە وەك کەسێکی هەتیوو و سێوی وەك بێکەسەیەك دەیگێڕنەوە بۆ ناو ئاوەکان، لەبەر ئەوە لە وەجاعزادەعترینو جوامێرترین کەسانو بنەماڵەکان دایكو باوك، پورو مام و ئامۆزایان بۆ هەڵبژارد، ئا بەمجۆرەو لە میانەو ناوچاوانی ئەمەوە هەموو خەڵکی گوندو ئاواییەکە بوونە خزم و خوێش و ناسیاو. لەم سەروبەندەدا خەڵکەکە داستانی ئەو دەریاگەڕانەیان بیست کە لە دوور گریانیان بیستبوو و زارەتەرەك ببوون، حیکایەتی کەسێکیان بیست کە بەسەر سەری بایەوانەوە خۆی شەتەکداوەو ئەو چیرۆکە کۆنانەی گێڕاوەتەوە کە دەربارەی بوونەوەرگەلێکە سەریان سەری ژنو لەشیان لەشی باڵندەیەو بە گۆرانیی بەسۆزیان سیحرو ئەفسوونیان لە دەریاوانەکان کردووەو بێ سەروشوێن چوونو مەرگ دەستی لێ وەشاندوونو چزەی لێ هەستاندوون. دواتر لەکاتێکدا بە هەڵپەو هەڕەمە بزووتنو بە درێژایی ئەو هەڵدێرە رژدە جەنازەکەیان خستبووە سەر شانیانو پاڵەپەستۆی یەکیان دەدا بۆ ئەوەی نۆرەی هەڵگرتنیان بێ، ژنو پیاو جەنگەیەك لەگەڵ شکۆو قۆزیی کەڵەمێردە خنکاوەکەیاندا دەستەویەخەو رووبەڕوو بوونەوە. بۆ یەکەمین جار هەستیان کردو زانییان شەقامەکانیان چۆڵو خاڵین، خیابانەکانیان وێرانەن و باخچەکانیان وشكو برینگەو خەونەکانیان تەنگو تارە، ئەوجار دەستیان لە لاشەکە بەرداو لێگەڕان بڕواو شۆڕبێتەوە، بەبێ زنجیرو لاتاری ئاسنین وەك لەپێشدا وایان دەخواست. تا بتوانێ هەر کاتێ حەزی کردو هەر کاتێ ویستی بگەڕێتەوە. بۆ تاوێك هەناسەیان لە خۆیان بڕی، تاوێك کە لاشەکە دەیویست تا شۆڕبێتەوە قوڵاییە بێبنەکان چیتر پێویستیان بەوە نەبوو چاو لەیەك بکەن. تا دڵنیابن کە چیتر وەك خۆیان

نــەماون‌و لەمــەودوا هــەرگیز وانــابن، بــەڵام هــەروەتر دەیـانزانی لـە ئێـستا بـەدواوە هـەموو شـتێکی تـر بـە جۆرێکی تر دەبێ، بەشێوەیەکی جیا لە ئێستا ماڵەکانیان دەرگای بەرینتر دەبێ‌و بنمیـچەکەی بـەرزترو تـەرکەکـەی ساغتر، هـەتا یـادی سـتیبان بـێ ئـەوەی بـەر کاریتـەوەو قەنتەرەی دەرگا کەوێ کوێی پێ خۆش بێ بچێتە ئەوێ.

تا هیچ کەسێك لە ئایندەدا زاتی ئەوە نەکات بە چرپە بڵـێ: سـاویلکەی زرتـەبۆز بـەم دوایـە مـرد. بـەڵێ ئـەم دەستەواژە درێوو ناحەزە— ساویلکە قۆزەکە بـەم دوایـە مرد!. لەمەودوا بۆیەی گەش لـە رووکـاری خانووەکانیـان دەدەن بۆ ئەوەی یادی ستیبان نـەمر بـێ‌و لـە بـەرد ئـاو دەردێنن، بەڵێ ئەگەر پشتیشیان شکاوە بۆ ئاو ئەوەنـدە بەردەکان هەڵدەکۆڵن تا کانی دەتـەقێ‌و لـە هەڵـدێرەکان گــوڵ دەچــێنن.. بــەمجۆرە موســافیرو سەرنــشینانی کەشتییە گەورەکان لە ساڵانی داهـاتوودا لەگـەڵ گزنگـی بەیاندا لە خەو هەڵدەستن‌و بۆنی باخچەکان تا لای ئـەوان لــە ناوجەرگــەی دەریـادا دەکـشێ‌و کاپتانــەکانیان بــە خۆیـان‌و کـەماڵی جلیانـەوە، بـە ئەسـتەرلاب‌و ئـامێری فەلەکییانەوە بۆ پێوانەی بەرزیی خۆرو ئەستێرەکان‌و بـە حەوتەوانەیانەوە، بە خۆیان‌و مەدالیاگەلیانەوە لە کەشتی دادەبەزن‌و ئاماژە بۆ تروپکە بە گوڵ چێنراوەکان دەکەن لە ناوەڕاستی ئاسۆداو بە چوارده زمان دەڵێن: تەماشای هۆ ئەوێ بکەن ئەوێ، کە ئێستا (با) ئـارام‌و هێمنـە. ئـەو بەرزاییـە کـە خـۆر بـەجۆرێك پرشـنگی زێـڕن داوێ، کـە گوڵەبـەڕۆژە شـێت دەبـێ‌و نـازانێ بـۆ کـوێ رووی خـۆی وەرچەرخێنێ، بەڵێ ئەو بەرزاییە ئاوایی ستیبانە!.

**فەرهەنگ:**

تەرك: ئەرزییەی ژوور.

بە هەوەوە چوون: بە سۆراغەوە چوون.

بێگۆبەن: بێوەی.

سیکارد: کێرد، چەقۆی گەورە.

سێوی: هەتیو.

بەهی: پرسەو تازیمانە.

شووبا: شەوبا.

نێرەوز: فەحل.

بێکەســە: بێکـەس (خـۆ بێکەسـە نییـە غـەدری لـێ دەکەی).

**سەرچاوە:** اجمل رجل عزیق فی العالم، ترجمه: شوقی فهیم، دار الوحده 1982.

